

Gunnar Ekelöf

**گوننار ئێکێلۆف**

1968 -1907

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە**

**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se

# رێنیشاندەر
# بۆ ناخی زەوی*

مردووەکان کەمێک جوانییان هەیە.
بەڵێ، لە ژیانی مردوویان خەونێک بە جوانییەوە هەیە
ئەوکەسەی نەیبینیوە سەختیی ژیان،
ئەوکەسەی هەستی بە زۆرداریی ئەم ژیانە نەکردووە کە بۆی زاین ــ
ئەوکەسە خەونیشی بۆ جوانی نییە
ئەوکەسە ترێفەی مانگی وەک خەونێک بە جوانییەوە، وەکو خەیاڵ
بەسەر رووباریشەوە نەبینیوە.
ئەوکەسە هەستی بە تاسەی بۆ مانگ خۆ بەئاوادانی نەکردووە.
ئەوکەسە خەونی بە مەرگەوە نەبینیوە، لە خەوندا نیگاکانی جوانیی ببینێ.
هی لەشساغی، خۆشبەختی و ژیان،
هی ئاشقبوون و هی ئەوینێکیش ببینێ، کە جوانییە.
لەم زۆرداررییەی کە ژیانمانە
ئەوین خەونبینینە بە جوانی.

* سێیەمین قەسیدەی "**سیانەی دیوان**" ی گ.ئێکێلۆفە. هەرجارەی شیعرێک، یان چەند شیعرێکی بڵاودەکرێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com